هەر نەفسێک بە ستەملێکراوی کوژرا بێت؛ ئەوا بەشێک لە خوێنەکەی لە سەر یەکێک لە کوڕەکانی ئادەمە، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کە تاوانی کوشتنی هێنایە ئاراوە

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر نەفسێک بە ستەملێکراوی کوژرا بێت؛ ئەوا بەشێک لە خوێنەکەی لە سەر یەکێک لە کوڕەکانی ئادەمە، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کە تاوانی کوشتنی هێنایە ئاراوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە باسی هۆکاری هەڵگرتنی تاوانی بەشێک لەو خوێنانە دەکات کە لە پاش ئەوەوە دەڕژێن لە لایەن یەکێک لە نەوەکانی ئادەمەوە، ووتراوە: قابیل هابیلی برای کوشت بە هۆی حەسوودی، بۆیە ئەو دووانە یەکەم بکوژ وکوژراون لە نەوەکانی ئادەم، بۆیە قابیل تاوانێکی بەشێک لەو خوێنانە هەڵدەگرێت کە لە پاش ئەوەوە دەڕژێن، چونکە ئەو یەکەم کەس بووە کەتاوانی کوشتنی هێنایە ئاراوە، وئەوەی دوای ئەو بکوژێت ئەوا شوێنی ئەو کەوتووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3445